هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
«بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان و کاروباری یاسایی»

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
«مديرية العلاقات و الشؤون القانونية»

Kurdistan Region - Iraq
Judicial Council

ژمارە : ٨/٣ / ١٠١٥
رێکەوت : ٢٧١٥ / ٢٤ / جۆزەردان

Date : ٢٠١٥/٦/١٤

## (بەیان)

پشت بە حوكمی مادده (٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە :-

**یەکەم/**

دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠١٥/٧/١.

**دووەم/**

ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن:-

١-وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گلدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياطي) و پێراگەیاندنی یاسایی.

٢-ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە ٨٣ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون.

٣-ئەو داوایانە گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارێک یا مامەڵەیەکی تێدا دەکات.

٤-داوای میری بۆ موڵک سەندنەوە (استملاك).

٥-ئەو داوایانە داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.

٦-داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە.

٧-داوای هەڵگرتنەوەی و لێک کرینەوە (شفعە) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆڵکردنی بە کرێدراو.

٨-داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و ڕێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقی وا الجری و المسیل والمرور) مافەکانی (ارتفاق).

٩-داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.

١٠-داواکانی ڕاست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو).

١١-ئەو داوایانەی فەرمانگەی ڕسمی یان نیمچە ڕسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.

١٢-داواکردنی خەرجی بژێوی(نفقە) و دایەنی (حضانە) و دیتنی منداڵ و ڕەچەڵەک (نسب).

١٣-داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد).

١٤-داواکانی لادانی سەرکار (قیم) و پێ سپێرداو (وصی).

١٥-داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەڵانەی لێیان دەکەونەوە.

١٦-ئەو داوایانەی یاسایەک بە پەلە دایانبێت.

سەیران

**سێیەم/**

جگە لەو داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو (بەیان)ە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببینێت ئەگەر:-

أ-بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب-هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج-داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

**چوارەم/**

گشت مامەڵەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

احمد عبدالله زبیر
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی دادگا ی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ، بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/بەرێوەبەرایەتی دادی گشتی/بەرێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بۆ بلاوکردنەوە...لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک/گەرمیان

(بۆ ئاگاداری وپەیرەوکردنی ناوەرۆکی ئەم بەیانە وە گشتاندنی بەسەر گشت دادگاکانی سەر بە سەرۆکایەتیەکانتان...لەگەڵ ڕێزدا.)

- فەرمانگەی سەرپەرشتیاری دادوەری لە هەولێر....لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی سەرپەرشتیاری دادوەری لە سلێمانی....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن لەم ئەنجومەنە ، بۆ بلاوکردنەوەی (بەیان)ی ئاماژەپێکراو لە ماڵپەری فەرمی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم...لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.
- دۆسیەی نوسراوە دەرچووەکان.

سەیران